www.kurdistannet.org
10-11-2005 20:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### (فەرهاد هەم منداڵ و هەم باوک) ... م. حەمید عەزیز

ئەو ڕۆژە زوو گەڕایەوە(فەرهاد) لەوەئەچو نەخۆش بێت، بەستەزمانەهەرئەکۆکی و. . . ئەپژمی و. . . ئاو بەلوتی یەوەنەئەوەستا ئەتوت بەلوعەیەلەوەئەچوسەرمای بوبێ، پێم ووت (کوڕی خۆم فەرهاد بابوبەم بۆ نەخۆشخانە) ، کەچی بەو منداڵی یەزۆر لەگەورەبا شتر وەڵامی دامەوەو ووتی (نەوەڵا زۆر باشم زۆر سوپاس) . فەرهاد منداڵێکی هەتا بلێی ژیرو زیرەك و بەتوانا بوو بەزستان وهاوین لەم بەردوکانانەخەریکی بۆیاخ کردنی پێڵاوبوو، دوکاندارەکانیش بەبێ رەحمانەهەمیشەبۆ ئەملاولایان ئەناردوکاریان پێ دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەپێشی ئەو دوکانانەکاسپی ئەکرد باجەکەی ئەدا و خزمەتی دوکاندارەکانیشی ئەکرد. ڕۆژێکیان ژنێکی قەیرەی ڕەش پۆش تەمەن چل ساڵ هات بۆلای فەرهاد، بەڵام فەرهاد خەریکی پێڵاو بۆیاخ کردن بوو وا دەموچاوی نزیك کردبۆوەلەپێڵاوەکەو فلچەکەی دەستی، دەموچاوی دیار نەبوو کەژنەکەگەیشتەلای و سەری فەرهادی هەڵبڕی وسەیری کرد، دەم ولوت ونا وچەوا نی هەموی بۆیاخ بوو، مرۆڤ کسپەلەجەرگی یەوەئەهات بۆ ئەو منا ڵە. منالی خواپیاو بەوسەرماو ڕەهێڵەیەلەژوری گەرم و گوڕدا یاری پلەی ستەیشن و داتاو یاری هابوهوتێلو تەماشای فلیمی کارتون دەکات، ئەم قوربەسەرەش ئەو بۆنەپیسەی پێڵاوو ئەو بۆنی بۆیاخەی کەهەمووی دەرمانی کیمیاوی یەئەچوو بەلوتیا. ئەو جیاوازییەهەمیشەنارەحەتم دەکات. . . ئای کەجیاوازی چینایەتی هەڵەوتا وانێکی گەورەیە، بەرەوتا ریکی وبیری زۆرکۆنمان دەبات ئاخ بمتوانیایەئەم سیستمەم بڕوخانایە. هاتمەوەهۆش خۆم و ووتم (بەڵام منێکی بچوك لەکوێوەدیارم بەهەزار قەرزوقۆڵەتا ئەم دوکانەم کڕیوە، هەتا لەکرێچێتیش نەجاتم بووە، قیر وتوێتی چەق) .

فەرهاد بەراکردن هات بۆلام و دەستەکانی بەشەرواڵەکەی سڕی ودو دیناری ئا سنی لەگیرفان دەرهێناو وتی (ئەوەدایکمە ساردی بۆئەکرم) ، من خۆم تەریق بومەوە کەلەو گەورەترم لەتەمەندا، منداڵێك کەتەمەنی دەوروبەری نۆ سال بێت ئەو ژیری و توانایەی لەکوێ هێناوە، وەك وخەڵکی باس دەکەن هەمو ساڵێك بەیەکەم دەر ئەچێ و لەپۆلی سێ یەمی سەرەتا ییەوبەقسەی خەڵکی، دایکی و دوو خوشکی بەخێوئەکات بەم بۆیاخچێتی یە، برەپارەی مانگانەی (شەهیدانەی با وکی) پارەیەکی کەمەکەخۆی ئەڵێ بەشی کرێ خا نوەکەمان ناکات. فەرهاد هەمیشەئەوگوزەرەی قەرەبا ڵغ کردبوو، ئەگەر ڕۆژێ نەها تایەتەوەبۆ ئیش گوزەرەکەهەمو هەواڵیا ن ئەپرسی. . . !.

چەند ڕۆژێك لەسەر یەك فەرهاد دیار نەما بەڕاستی گوزەرەکەمان چۆڵ و هۆڵ بووبەبێ ئەو، هەموودوکاندارەکان هەواڵیان دەپرسی وبەتایبەت کاك مارف چونکەپیاوێکی زۆر بەسۆز و بەرەحم بوو بەڵام نەشمان دەزانی ماڵیان لەکوێ یە، . . . . من خۆم بۆ ڕانەگیراو چوم لەمنداڵەبۆیاخچیەکانی ترم پرسی. . . ! وتیان

(مامۆستا لەقوتابخانەلێی داوەولەما ڵەوەکەوتوەو نەخۆشە) ، بەم هەواڵەزۆر نارەحەت بوم، چونکەلێدان لەمنداڵ لەقوتابخانەزۆر تاوانەوەزۆر سیستمێکی کۆنەو هی بەعسی یەکانە، هەقەهەر مامۆستایەك لەقوتابی بدات ئەومامۆستایەسزابدرێت ودەربکرێت لەکارەکەی، چونکەنەوەیەك ئەشێوێندرێ لەسەر دەستی ئەونامامۆستایانەو زەرەرێکی زۆر

ئەگەیەنن بەدوارۆژی نەوەو بیری نوێ. چەند ڕۆژێکی پێ چو فەرهاد هەردیارنەبو. . . بەیانیەکیان

بەپیاسەئەهاتم بەرەودوکان تا دوکان بکەمەوە. . . تەماشام کرد دوکاندارەکان هەمو کۆ بونەتەوەو مقۆ مقۆیانەوهەندێکیان سەیری من ئەکەن ودەموچاویان دنیایەك قسەوپرسیاری تێدایەوبەڵام هیچ حاڵی نەدەبووم وکەسیش هیچی پێ نەئەوتم. . . بەرەولای دوکانەکەی کاك مارف ڕۆیشتم بینیم خۆی لەناو دوکانەکەدانیشتووەو ناوچەوانی گرژوبێ تاقەت ئاگری لێ ئەبارێ وزۆر بێ تاقەتیی پێوەدیارە، زانیم شتێ بووە. . بەڵام قەد با وەڕم نەئەکرد خەبەری وا ناخۆش ببیستم. . کەئاوڕم دایەوەقورسترین و نا خۆشترین دوودێڕم بینی کەلەهەمووتەمەنمدا نەم دیبو، لەسەرپەڕۆیەکی ڕەش لەشێوەی لافیتەبەدەست کۆمەڵێ منداڵی بۆیاخچی یەوەنوسرابوو. . . داوای سزا دەکەین بۆ ئەو مامۆستایەی کەلەئەنجامی لێدان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر فەرهادی هاوڕێمانی شەهید کرد، . خوای گەورەبەبەهەشتی بەرینی شاد بکات!! لەخوارەوەنوسرابو. . . هاوڕێ بۆیاخچیەکانی فەرهاد